**ئاسۆس نجیب عبداللە**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە :** 15059 **لە** 2013/12/30

**ڕێنمایی ژمارە** ( 10 )**ی ساڵی** 2013
**تایبەت بە دامەزراندن و مۆڵەت پێدانی پرۆژەکانی سامانی ماسی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی ( پێنجەم ) بڕگەی ( دووەم ) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (6)ی ساڵی ( 2010 ) بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە .**

**یەکەم : ڕێنماییەکانی ڕەزامەندی سەرەتایی و پێدانی مۆڵەت**

**أ- ڕێنماییەکانی پێدانی ڕەزامەندی سەرەتایی بۆ دروستکردنی پرۆژە:-**

**1- پێشکەش کردنی داواکاری لە لایەن هاوڵاتی لەڕێگای لقی کشتوکاڵی ناوچەکە بۆ مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتایی دروستکردنی پرۆژەکە ، ئەگەر داواکار زەوی لەبەردەستدابوو بەشێوەی موڵك یان گرێبەست و زەوییەکە بەکەڵکی کشتوکاڵ نەهێت .**

**2- بوونی گرێبەستی زەوی (عقدإيجار) ئەگەر لەسەر زەوی بەکرێ بوو، یان تاپۆی زەوییەکە ئەگەر زەوییەکە موڵك بوو بەناوی داواکار , ڕەزامەندی هاوبەشەکانی ئەگەر زەوییەکە هاوبەش بوو . لەگەڵ ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی زەوی وزار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا .**

**3- کۆنووسی پشکنینی سەرەتایی و هێلکاری پارچە زەوییەکە کەگشت دامەزراو (معاملەکان)ی کەرتەکەی لەسەر دیاری کرابێت , ئامادە کرابێت لە لایەن لیژنەیەك کە پێك هاتبێت لە (4)چوار ئەندام , بەرپرسی بەشی یان هۆبەی سامانی ماسی سەرۆکی لیژنەکە دەبێت وە بەئەندامیەتی نوێنەرێکی (سامانی ئاژەڵ و نوێنەری زەوی وزار و ڕووپێوێك) لە فەرمانگەی کشتوکاڵی ناوچەکە.**

**4- هێنانی بەڵێن نامە لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی / بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکەداواکار:**

أ- بەكار هێنانی زەوییەكە تەنها بۆ مەبەستی دروستكردنی پرۆژەكە بێت .

ب- پرۆژەكە دروست دەكرێت لەدوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتایی و ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندارەكان وپێویستە لەماوەی یەك ساڵدا تەواوی بكات .

ج- ئەنجام نەدانی گۆڕانكاری و نەفرۆشتنی پرۆژەكە.

د- ئاگادار كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی سامانی ماسی لەكاتی لەكار وەستانی دروستكردنی پرۆژەكە وە دەست نیشانكردنی هۆكارەكان .

هـ- پابەندی یاسا و ڕێنماییەكانی لایەنە پەیوەندارەكان بێت بەدروست كردن و كار پێكردنی پرۆژەكە.

و- ڕێگادان بە لێژنەكانی بەدواداچوونی سەر بە وەزارەت و نواندنی ئاسانكاری بۆیان بۆ چوونە ناو پرۆژەكە لە هەركاتێكدا بە مەبەستی بەدواداچوون .

5- ئەنجامدانی پشكنینی ئاو و خاك بۆ پرۆژەكانی حەوزی خۆڵی و تەنها پشكنینی ئاو بۆ گشت جۆری پرۆژەكانی تر( كۆنكریتی ، قەفەسی ، داخراو ) بۆ دڵنیابوون لەشیاوی ئاوەكە بۆ دروستكردنی پرۆژەی ماسی.

6- بۆ حەوزی قەفەسی پێویستە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەكانی ئاو وەربگیرێت ئەگەر لە سنووری ڕووبار پرۆژەكە دروست بكرێت یاخود ڕەزامەندی ب. بەنداوەكان و كۆگا ئاویەكان ئەگەر پرۆژەكە لە بەنداوەكان دروست بكرێت .

7- بەرزكردنەوەی داواكارییەكە لەگەڵ ئەو بەڵگەنامانەی سەرەوە لەلایەن بەشی سامانی ماسی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی پارێزگا بۆ بەڕێوەبەرایەتی سامانی ماسی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری , پاش دیراسەت كردنی بەڵگەنامەكان و گونجانی بەپێی ڕێنماییەكان دەكرێت بە ڕەزامەندی سەرەتایی .

ب-ڕێنماییەكانی پێدانی مۆلەت :-

1- بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی پارێزگا نووسراو دەكات بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندارەكان لەسەر دروست كردنی پرۆژەكە لەسەر ئەو پارچە زەوییەی كە دیاریكراوە 0

2- دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندارەكان و تەواوكردنی پرۆژەكە داواكار ئاگاداری بەشی سامانی ماسی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی پارێزگاكەی دەكات بەتەواوكردنی پرۆژەكە و داوای مۆڵەت پێدان دەكات .

3- ئەنجامدانی پشکنینی کۆتایی بۆ پڕۆژەکە و دیاری کردنی ووزەکەی لەلایەن هەمان لیژنەی (خالی 3أ) ەوە
4- پێویستە پەرژین لە چواردەوری پڕۆژەکە دروست بکرێت ,و کۆگای ئالیك و تابلۆی نیشاندەر و تۆمار ( سجل )ی هەبێت لە هەموو جۆرەکانی پڕۆژەی ماسی.
5- هێنانی سێ وێنەی ڕەنگاوڕەنگی داواکار و فۆتۆکۆپی رەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی ,لەگەڵ پسوڵەی وەرگرتنی پارەی مۆڵەت پێدان .
6- هەبوونی سەرپەرشتیار بۆ پڕۆژەکە بەمەرجێك مۆڵەتی کارکردنی پیشەیی هەبێت و پشتگیری کرابێت لەلایەن سەندیکاوە بەپێی مادەی (2) بڕگەی (13) سێزدەهەم لەیاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە (4 )چواری ساڵی (2008).
7- وێنەی ڕەسەن یان کۆپی پەسەندکراوی داواکاری و هەموو ڕەزامەندی و بەڵگەنامەکانی سەرەوە لەلایەن بەشی سامانی ماسی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا بە نووسراو بەرز دەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی سامانی ماسی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری بۆ پێدانی مۆڵەت .
8- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری (بەڕێوەبەرایەتی سامانی ماسی ) پڕۆژەکە مۆڵەتی پێدەدرێت .

دووەم: نوێکردنەوەی مۆڵەتی پڕۆژەکە دووساڵ جارێك لە بەشی سامانی ماسی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان ئەنجام دەدرێت وە هەروەها ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی سامانی ماسی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری بە نوێکردنەوەکە .

- **مەرجەکانی پڕۆژەی بەخێوکردنی ماسی لە حەوزی خۆڵ :-**

1- سەرچاوەی ئاوی پڕۆژەکە بیری ئیرتیوازی نەبێت .
2- ڕووبەری گشتی زەوی تەرخانکراو بۆ پڕۆژەکە لە ( 3 ) سێ دۆنم کەمتر نەبێت و ڕووبەری ئاوی پڕۆژەکە لە ( 2 ) دوو دۆنم کەمتر نەبێت .
3- دووری ( 2 )کم لە سنوری شارەوانی پارێزگاکان و ( 1 )کم لە سنوری شارەوانی قەزا و ناحیەکان کەمتر نەبێت ,هەروەها دووری ( 150 )م لە شەقامی سەرەکی و (100)م لە شەقامی لاوەکی و (200) م لە گوند کەمتر نەبێت .
4- دووری لە پڕۆژەی هاوشێوە ( 200 )م کەمتر نەبێت .

5- دووری لە پڕۆژەکانی سامانی ئاژەڵ ( 200 )م کەمتر نەبێت .

6- دووری لە هێڵی کارەبای پاڵەپەستۆ بەرز لە (100 )م کەمتر نەبێت .

7- وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەم فەرمانگانە ( ژینگە , شارەوانی و گەشت و گوزار, شوێنەوار , سامانە سروشتیەکان ) .

- **مەرجەکانی پڕۆژەی بەخێوکردنی ماسی لە حەوزی قەفەس :-**

ئەم جۆرە حەوزە لە ناو بەنداو وڕێڕەوە ئاویەکاندا دادەنرێت.

1- ڕووبەری ئاوی پڕۆژەکە لە ( 150 )م2 کەمتر نەبێت .

2- قوڵی ئاوەکە لە شوێنی پڕۆژەکە لە ( 3 )م کەمتر نەبێت .

3- پڕۆژەکە ڕێگر نەبێت لە کاری خاوێنکردنەوەی ڕێڕەوی ئاوی و بەلەمەوان لە دەریاچەو بەنداوەکان .

4- نابێت لە کەناڵەکانی ئاودێری دابنرێت .

5-دووری لە پڕۆژەی هاوشێوە ( 200 )م کەمتر نەبێت .

6- دووری ( 500 )م لە سەرەوە و ( 1 )کم لە خوارووی بەرهەمهێنانی کارەباوە کەمتر نەبێت .

7- دووری پڕۆژەکە لە پڕۆژەی پاڵاوتنی ئاوی خواردنەوە لە سەرو و خوارووی لە ( 1 )کم کەمتر نەبێت .

8- دەزگاکانی خزمەت گوزاری ( ژووری کارگێڕی و کۆگا و ...هتد . ) دەبێت لە بەرزترین ئاستی بەرز بوونەوەی ئاوی دەریاچە و ڕووبارەکان کەمتر نەبێت .

9- وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەم فەرمانگانە ( ژینگە , گەشت و گوزار ) .

10- دانانی هێمای ڕووناک کەرەوە بۆ دەرخستنی سنوور و پانتایی پڕۆژەکە لە شەودا .

- **مەرجەکانی پڕۆژەی بەخێوکردنی ماسی لە حەوزی کۆنکریت :-**

ئەم جۆرە حەوزە بەکاردەهێنرێت بۆ بەخێوکردنی چڕ ( التربية المكثفة ) بە بەردەوام ئاوی پڕۆژەکە لە گۆڕاندایە و لە چیمەنتۆ و بلۆك دروست دەکرێت .

1- ڕووبەری زەوی تەرخانکراو بۆ پڕۆژەکە ( 1 )دۆنم کەمتر نەبێت و ڕووبەری ئاوی لە ( 300 )م2 کەمتر نەبێت .

2- سەرچاوەی ئاوی پڕۆژەکە بیری ئیرتیوازی نەبێت .

3- دووری لە پڕۆژەی هاوشێوە ( 200 )م کەمتر نەبێت .

4- دووری لە پڕۆژەکانی سامانی ئاژەڵ ( 200 )م کەمتر نەبێت .

5- دووری ( 2 )کم لە سنوری شارەوانی پارێزگاکان و ( 1 )کم لە سنوری شارەوانی قەزا و ناحیەکان کەمتر نەبێت ,هەروەها دووری ( 150 )م لە شەقامی سەرەکی و ( 100 )م لە شەقامی لاوەکی و ( 200 )م لە گوند کەمتر نەبێت .

6- وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەم فەرمانگانە ( ژینگە، شارەوانی و گەشت و گوزار ، شوێنەوار، سامانە سروشتیەکان ) .

- **مەرجەکانی پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی لە حەوزی داخراو و پرۆژەی بەرهەمهێنانی ماسی جوانکاری :-**

1- ڕووبەری زەوی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکە ( 1 )دۆنم کەمتر نەبێت.

2- سەرچاوەی ئاوی پرۆژەکە دەکرێت بیری ئیرتوازی بێت لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە پرۆژانە ئاوی کەمی پێویستە و هەمان ئاوی حەوزەکان دووبارە بەکاردەهێنرێتەوە پاش خاوێنکردنەوەی بە ئامێر و ڕێگای تایبەت .

3- دووری لە پرۆژەی هاوشێوە ( 200 )م کەمتر نەبێت .

4- دووری لە پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ ( 200 )م کەمتر نەبێت .

5- دووری ( 1 )کم لە سنوری شارەوانی پارێزگاکان و ( 500 )م لە سنوری شارەوانی قەزا و ناحیەکان کەمتر نەبێت ,هەروەها دووری ( 150 )م لە شەقامی سەرەکی و ( 100 )م لە شەقامی لاوەکی و ( 200 )م لە گوند کەمتر نەبێت .

6- وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەم فەرمانگانە ( ژینگە, شارەوانی و گەشت و گوزار , شوێنەوار , سامانە سروشتیەکان ) .

- ئەم ڕێنماییە جێ بە جێ دەکرێت لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە و لە رۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .

**پرۆفسیۆر سیروان بابان**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**